# گەندەڵیمان میراتە

جەوهەر غەمگین



چەند برادەرێک، بە یادی جاران، لەو چەند شەوانەی رابردوو، لە ماڵی یەکێکیان دانیشتبووین، بە دەم چا خواردنەوە دەستمانکرد بە گفتوگۆ و را گۆڕینەوە، باسی هەموو شتێکمان کرد،هەموو باسەکان سەربەست و بێ گومرگ بوون. بەڵام ئەوەی بەشی شێری بەرکەوت باسی دەسەڵاتدارانی خۆمان و کێشەی لە مێژینەی کورد و بیروبۆچوونی دانیشتوان بوو دەربارەی پاشەڕۆژ و دەبێ چی بکەین، دەبێ چ نەکەین و خۆمانی لێ بپارێزین. بوودجەی ساڵانەمان چی لێدی و چۆن و لە چی خەرج دەکرێ، بۆ زۆر شت هەیە پێویستە ئاشکرا بکرێ بەڵام گەندەڵی تەوەرێکی دوورودرێژی گفتوگۆمان بوو و پانتاییەکی زۆری گرت. یەکێکیان هەڵیدایێ و گوتی: برادەرینە، گەندەڵی هەموو جیهانی تەنیوەتەوە، تەنیا لە کوردستانەکەی خۆمانە نییە، کە هێندە باس دەکرێ و سەرزەنشتی دەسەڵاتداران دەکرێ. ئەویتریان گوتی: کاکە (رەنگە) تا ئاستێک رایەکەت راست بێ، بەڵام ئێمەی کورد کێشەکەمان ناسکە،قەوارەی سیاسییمان نییە پفێکمان لێ بکرێ دەڕووخێین، بۆیە پێویستە پاک بین و گەندەڵی لە ناوماندا جێی نەبێتەوە. سێیەمیان گوتی: گەندەڵی بەس تەنیا دزی و پارە خواردن نییە، گەندەڵی حزبایەتییە، دەستێوەردانی ئیشی خەڵکانی ترە، پێشێلکردنی یاسایە، خزم خزمانێیە، ئەوەی حزبی نەبێت دەسەڵات ئیشی میری پێنادرێت، پلە و پایەی دەست ناکەوێ، لە هیچ جێگایەک جێی نابێتەوە هەروەکو خەڵکی ئەم وڵاتە نەبێت. دەبێت لە خەفەتان و لە بێکاری و هەژاری هەوڵ بدا روو بکاتە هەندەران بەڵکو نان و زگە لەوێ بژی، ئەگەر مووچەخۆریش بێت ئەوە ناهێڵن لە جێی شایستەی خۆی بێ، یەکێکی بێ کەڵکی هیچ نەزان لەوێ دادەنێن تەنیا لەبەرئەوەی لە حزبی خۆیانە وبەس. لە بوارەکانی تریش رێگەی نادەن هەنگاو بهاوێژی و ئەفراندەوە دەست بێنی، تەنانەت لە بواری نووسینی و هونەر و زۆر بواری تر، یا دەبێ پەنجەمۆر بکا یا دەبێ عەرەبانەی تەڕە بداتە پێش خۆی. جێی زۆر هەستیار بە مرۆڤی ناشایستە پڕ دەکەنەوە، دەست و پێی زانایانمان دەبەستن بە نیمچە خوێندەوارێک دەکەنە بەرپرسی ئەو دەزگا زانستییە،بۆیە دەبینی ئاستی زانست و داهێنان چەند نزم و بێ کەڵک خۆنیشان دەدات.

براینە گوێم لێ بگرن: من بەرگری لەو حکومەتەی خۆمان ناکەم، هەرچی پێی دەڵێن وایە و پتریشە، بەڵام دەمەوێ ئەوە بڵێم کە گەندەڵی لە راپەڕاندن و جێبەجێکردنی کار وفەرمان هەر لە کۆنەوە بۆمان بە میرات بە جێماوە، ئەگەر باسی هەڵسوکەوتی لەشکری بابان و